گۆتێرێس: عێراق ئەمڕۆ گەشەسەندووتر و ئارامترە... و نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوامە لە پشتگیریکردنی

ئەمڕۆ شەممە ئەنتۆنیو گۆتێرێس سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دووپاتی کردەوە کە نەتەوە یەکگرتووەکان درێژە بە پشتگیری و بەرنامەکانی خۆی لە عێراق دەدات.

لە وتارێکدا لە مەراسیمی فەرمی کۆتایی هاتنی ئەرکی نێردەی هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکان بە عێراق (یەنامی)، گۆتێرێس، وەك ئاژانسی موتەبع بەدواداچوونی بە کردووە ڕایگەیاند: نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام دەبێت لە پشتگیری و بەرنامەکانی لە عێراق، جەختیشی لەوە کردەوە کە نەتەوە یەکگرتووەکان هەمیشە لە پاڵ عێراقدا دەوەستێت.

ئاماژەی بەوەشکرد : سوپاسی سەرۆك وەزیران محەمەد شیاع سودانی و حکومەتی عێراق و گەلەکەی دەکەم بە ئەو میوانداریەیان، سوپاس و پێزانینی خۆمان دەردەبڕین کە یەکەك لە شەقامەکانی بەغدای پایتەخت بە ناوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ناوناوە.

گۆتێرێس ووتیشی: ئەمە یەك لاپەڕەی هاوکاری لەگەڵ عێراق دادەخەین و لاپەڕەیەکی نوێ دەکەینەوە، دووپاتیشیکردەوە کە عێراق زیاتر گەشەسەندوو و ئەمنیەتی.